کاریگەری تەلەفزیۆن لەسەر منداڵ

زانا قەرەداغی

منداڵ کاتێك چاو ئەکاتەوە، لە هەر ماڵێکدا ئەبینێ ئامێرێکی تەلەفزیۆن یان دوان هەیە، یاخود زیاتر، جگە لە هەندێ هاوبابەتی تەلەفزیۆن وەکو دی ڤی دی، یان ڤیدیۆ، یا پلەیستەیشن، ئەمانە لە ماڵی هەریەکێك لە ئێمەدا هەیە و هەریەکێك لەم ئامێرانە کاریگەری دووسەرەی هەیە لەسەر منداڵ، ئەتوانرێت تەلەفزیۆن یانهەر یەکێکی تر لەو هۆکارە بینراوانە بە باشی بەکاربهێنرێ و منداڵ سوودی لێ وەربگرێت لە رێگەی ئەو جۆرە بەرنامە باشانەی کە لە هەندێك کەناڵی تەلەفزیۆنیدا پەخش ئەکرێت، ئەگەر بە بەرنامەرێژی بکرێت، منداڵ ئەتوانێ سوودی زۆری لێ وەربگرێت، بەڵام سەیرکردنی بێ بەرنامە، ئەوە زیانی زۆرترە تا قازانج.

چ تەمەنێک رێگەپێدراوە بۆ منداڵ کەسەیری تەلەفزیۆن بکات؟

نایێت بهێڵرێت منداڵی تەمەن کەمتر لە دوو ساڵ زۆر سەیری تەلەفزیۆن بکات، چونکە لەو تەمەنەدا منداڵ گرنگترین قۆناغی ژیانیەتی بۆ گەشەی دەماغی و لەو تەمەنەدا منداڵ ئەتوانێت شتەکانی دەوروبەری خۆی لێك جیابکاتەوە و هەستەوەری سۆزداری و گەشەی لاشەی و کاریگەرە کۆمەڵایەتییەکان هەست پێ دەکات، بەڵام زۆر سەیرکردنی تەلەفزیۆن لەو تەمەنەدا ئەبێتە رێگر لەبەردەم دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیدا، چونکە منداڵ لەو تەمەنەدا وەکو سروشتی ئاسایی خۆی حەز بە تێکەڵبوون لەگەڵ دەوروبەری ئەکات و حەز بە دەرخستنی ئەو شتانەی ئەکات کە لە دەوروبەری رووئەدات وا باشترە منداڵ لەو تەمەنەدا تیکەڵ بکرێت لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەیدا، تا زۆر سەیرکردنی تەلەفزیۆن نەبێتە رێگر لەبەردەم تیکەڵاوبوونی لەگەڵ دەوروبەریدا، چونکە ئەگەر زۆربەی کاتەکانی بەدیار تەلەفزیۆنەوە بێت، ئەوا کاریگەری خراپی ئەبێت بۆ سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی، بەڵام ئەگەر کاتی بۆ دیاری بکرێت کاتژمێرێك یان دوو کاتژمێر سەیری هەندێ بەرنامەی فێرکاری، یاخود تەرفیهی بکات، کە گونجاو بێت بۆ تەمەنی منداڵەکە، ئەوا لەو کاتەدا منداڵەکە سوود وەرئەگرێت لە سەیرکردنی تەلەفزیۆن.

لەرۆژێکدا چەندێک کات پێویستە تا منداڵ سەیری تەلەفزیۆن بکات؟

زۆربەی لێکۆڵینەوە پزیشکییەکان دەریانخستووە، کە منداڵ پێویستە لە رۆژێکدا تەنها کاتژمێرێك یان دوان سەیری تەلەفزیۆن بکات، ئەویش ئەو بەرنامانەی کە تایبەتن بە منداڵانەوە ئەگەر منداڵ زۆر زیادەرەوی کرد لە سەیرکردنی تەلەفزیۆندا، ئەوا ئەو منداڵە حەز بە گۆشەگیری ئەکات و منداڵێکی تەمەڵ و تەوەزلی لێ دەرئەچێت و کار ئەکاتە سەر گەشەی لاشەی منداڵ، ئەگەر بە شێوەیەکی هەرەمەکی و ناتەندروست سەیری تەلەفزیۆن بکات، ئەبێت کەسی سەرپەرشتیاری منداڵەکە بۆ منداڵەکەی دیاری بکات، یاخود ئەو کەناڵانەی کە تایبەتن بە منداڵانەوە بۆی دیاری بکات و منداڵ نایێت کۆنترۆڵی تەلەفزیۆنی بەدەستەوە بێت، ئەوا سەیری هەموو کەناڵێك ئەکات ئەکات و سەیری زۆرێك لەو فیلمانە ئەکات، کە گونجاو نین بۆ تەمەنی و منداڵ فێری شەڕ و کاری ئاژاوەگێری و لاساییکردنەوەی ئەو ئەکتەرانە ئەکات کە لە فیلمەکەدا بینیویەتی و بینینی ئەو دیمەنانە منداڵ بە ئاقارێکی خراپدا ئەبات و منداڵێکی لاسار و بزێو حەز بە ئازاردانی دەوروبەری ئەکات، یا زۆر جار ئەو فیلمانەی کە منداڵەکە بینیویەتی، فیلمی ترسناکە کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ کار ئەکاتە سەر دەروونی منداڵ و هەمیشە هەست بە ترس و دڵەراوکێ ئەکات بەهۆی ئەو دیمەنە ترسناکانەوە کە لە فیلمەکەدا بینیویەتی و وێنەیەك لە دەروونی منداڵەکەدا دروست ئەکات بەرامبەر بە کەسەکانی دەوروبەری وەکو ئافرەت و پیاو و، پیاوی بەساڵاچوو، یاخود پیاوانی پۆلیس و ئاسایش، ئەمەش کاریگەری راستەوخۆی ئەبێت لەسەر هەست و دڵ و دەروونی منداڵەکە و ئەبێتە هۆی کوشتنی رۆحی داهێنان و بەرهەم لای منداڵ.

دوو تۆیژەری ئەردەنی بە ناوی (ئامانی توفاحە و لارا حسەین) هەستان بە توێژینەوەیەك لەسەر سەیرکردنی تەلەفزیۆن و کاریگەری لەسەر منداڵ، بۆیان دەرکەوت کە منداڵ بەهۆی زۆری بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانەوە ئەو مەجالەی کە منداڵ هەیەتی، زۆرێك لە کەناڵەکان هەندێ دیمەنی ترسناك پیشان ئەدات، ئەمەش ئەوە دەرئەخات ئەگەر منداڵێك تەمەنی بگاتە (١١) ساڵ، ئەوا (٢٠) هەزار دیمەنی کوشتن و مردن ئەبینێ و لەگەڵ (٨٠) هەزار دیمەنی تەعەداکردن.

لە توێژینەوەیەك کە کومەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەشی پەروەردەی و زانیاری و رۆشنبیری (یونسکۆ) پێی هەستان، بۆیان دەرکەوت کە منداڵ پێش ئەوەی بگاتە (١٨) ساڵ (٢٢) هەزار کاتژمێر لەبەردەم شاشەی تەلەفزیۆن بەسەرئەبات لە تەمەنیدا، لە بەرامبەردا (١٤) هەزار کاتژمێر لە خوێندنگە بەسەرئەبات و زۆربەی ئەو دیمەنانەی کە ئەیبینێت، دیمەنی نەشیاوە و لەگەڵ تەمەنیدا ناگونجێ، بۆیە زۆرێك لەو منداڵانەی کە زیاتر لەماڵەوەن و هەلی سەیرکردنی تەلەفزیۆنیان هەیە و بێ چاودێرییەکی ورد لەلایەن سەرپەرشتیارەکانیانەوە ئەوا ئەو منداڵانە زووتر فێری جگەرەکیشان و بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان ئەبن، تەنانەت سەرئەکێشێت بۆ کاری گەورەتر و خراپتر و ئەو منداڵانەی زۆربەی کات سەیری تەلەفزیۆن ئەکەن، منداڵی ئەنانی و حەز ناکەن هاوکاری کەس بکەن و هەست و شعوری بەرامبەرەکەیان راناگرن و منداڵێکی گاڵتەجاڕە و گوێ بە کەس نادات، جگە لەوەی ئەبێتە کەسێك کە حەز ئەکات لاساییەکی کۆیرانەی ئەو ئەکتەرانە بکاتەوە کە لە فلیمەکاندا بینیویەتی، هەر لەبەرکردنی جل و بەرگ و خواردن و خواردنەوە و هەڵسوکەوتکردن و لایەنی کۆمەڵایەتییان وەك منداڵێکی بەکارهێنراوی لێ دەرئەچێت، ناتوانێت گەشە بە ژیانی خۆی بدات بە شێوەیەکی رێکوپێك.

کاریگەرییە خراپەکانی سەیرکردنی تەلەفزیۆن بە شێوەیەکی ناتەندروست ئەم کاریگەرییە خراپانە لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی تر یاخود لە کومەڵگایەکەوە بۆ کومەڵگایەکی تر جیاوازی هەیە، چونکە منداڵ ئەوەی ئەبینێ لە تەلەفزیۆن، بە شێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەری زیاتری لەسەر دروست ئەکات، چونکە تۆ ئامۆژگاری ئەکەیت بە دەمی، بەڵام منداڵ سەیری تەلەفزیۆن ئەکات بە فلیم ئەبینێ، بۆیە کاریگەری سەیرکردن زیاترە تا ئامۆژگاریکردن.

١ - سەیرکردنی دیمەنی توندوتیژی، ئەبێتە هۆی دروستبوونی ترس لای منداڵ و شەوان لە کاتی نوستنی منداڵەکەدا، ئەبێتە هۆی راچڵەکینی منداڵەکە، بەتایبەت منداڵی تەمەن (٢ ساڵ تا ٧ ساڵ)، یاخود ئەگەر گەورەتر بێت لەو تەمەنە، ئەیەوێت لاسایی ئەو دیمەنانە بکاتەوە بەرامبەر بە هاوڕێکانی و لای منداڵەکانی تر خۆی وەك و کەسایەتییە ئازاکانی ناو ئەو فیلمانەی نیشان بدات بەس لە ئەمریکادا منداڵ تا ئەگاتە تەمەنی ١٨ ساڵی (٢٠) هەزار دیمەنی پڕ لە کارەسات ئەبینێ.

٢ - ئەو دیمەنانەی بانگەشە (ریکلام) بازرگانییەکان بۆ زۆرێك لە کاڵا بازرگانییەکان ئەکات، کار ئەکاتە سەر منداڵ، چونکە منداڵ نازانێت ئەو ریکلامانە بۆ پەیداکردنی بازاڕ و قازانجە ئەو منداڵانەی کە لە تەمەنیان لە خوار (٦) ساڵ بۆ (٨) ساڵەوەیە، ئەبێت باوك یان دایك سەبارەت بەو دیمەنانە گفتوگۆ لەگەڵ منداڵەدا بکات، چونکە منداڵ زۆر زوو کاریگەر ئەبێت بەو دیمەنانە، بە جۆرێکی سەرنجڕاکێش ئەو دیمانانە نیشان ئەدەن، بۆ وێنە ریکلام بۆ (ڤیبسی)، یان (فانتا)، یان (رانی) ئەکات، ئەو کەسەی کە ئەیخواتەوە، بە جۆرێك سەیارە لێئەخوڕێت، یان ئەفرێت، یا خۆی هەڵئەدات، منداڵ لەوانە تێناگات، بۆیە پێویستە بۆی روون بکرێتەوە.

٣ - بەهۆی سەیرکردنی تەلەفزیۆنەوە فێری جگەرەکێشان و بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان و شەراب خواردنەوە ئەبێت.

٤ - تەمبەڵی و تەوەزەلی بەهۆی زۆری دانیشتن بەدیار تەلەفزیۆنەوە، کە زۆر جار منداڵ بۆ ماوەی (٤) کاتژمێر زیاتر هەڵناسێت، سەیری تەلەفزیۆن ئەکات، منداڵێکی تەمبەل و تەوەزلی لێ دەرئەچێت.

٥ - سەرقاڵبوونی بە سەیرکردنی تەلەفزیۆن رێگری فێربوونی زانست و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی لێ دەگرێت.

٦ - ئەو کەناڵانەی پەخشی کاری بەدرەوشتی ئەکەن، زۆر جار منداڵ هەڵی بینینی ئەو کەناڵانەی بۆ هەڵدەکەوێت و سەیری ئەکات، ئەمەش توێژینەوەکان دەریانخستووە ئەو موراهیقانەی سەیری ئەو دیمەنە بەدرەوشتییانە ئەکەن، زووتر تووشی لادانی رەوشتی ئەبن، تا ئەو منداڵانەی کە سەیری ئە و جۆرە کەناڵانە ناکەن.

هەندێ ئامۆژگاری بۆ بەخێوکەری منداڵ:

١ - هەوڵ بدە لە ماڵەوە گۆڤار و پەرتوکی منداڵان و هەندێ یاری منداڵان لە ژووری تەلەفزیۆنەکە دابنێ، تا منداڵەکە سەیریان بکات و هەندێ کاتی خۆی بۆ ئەوانە دابنێ.

٢ - تەلەفزیۆن لە ژووری نووستنی منداڵ دامەنێ.

٣ - لە کاتی دانیشتن بۆ ناخواردن سەیری تەلەزیۆن مەکە، هەوڵ بدەلو رێگەوە ماوەی سەیرکردنی تەلەفزیۆن کەم بکەرەوە.

٤ - لە کاتی هەبوونی سەعی و کۆششی خۆیندندا مەهێڵە منداڵ زۆر سەیری تەلەفزیۆن بکات.

٥ - هەوڵ بدە منداڵ رابهێنی کە دوای تەواوکردنی ئەرکی قوتابخانە سەیری تەلەفزیۆن بکات، تا وانەزانێ هەموو کاتێك بۆی هەیە سەیری تەلەفزیۆن بکات.

٦ - هەوڵ بدە لە پشوی هەفتەدا منداڵەکەت ببەیت بۆ گەشتێك، یاخود بۆ یاریگایەك.

٧ - ببە بە پێشەنگ بۆ منداڵەکەت بۆ سەیرکردنی هەندێ بەرنامەی سودبەخش.

٨ - هەوڵ بدە لیستێك لەو بەرنامانەی کە سودبەخشن بۆ منداڵ، دیاری بکەیت و کاتەکانیشی بنووسی.

٩ - مەهێڵە کۆنترۆڵی تەلەفزیۆن بەدەست منداڵەوە بێت کاتێك لە ماڵەوە بوویت.

١٠ - سەیری تەلەفزیۆن بکە لەگەڵ منداڵەکەت.

١١ - هەوڵ بدە لە کاتی سەیرکردنی تەلەفزیۆن، گفتوگۆ لەگەڵ منداڵەکەتدا بکە دەربارەی ئەو دیمەنانەی کە ئەیبینێ.

١٣ - زیادەڕەوی مەکە بۆ بینینی فلیمی زانستی و مەجالی منداڵەکەت بدە کە سەیری فلیمی خۆش و بەرنامەی بەسود بکات، بەڵام بە چاودێرییەوە.

١٤ - زیادەڕوی مەکە لە کڕینی فلیم و دیڤیدی و سیدی بۆ منداڵەکەت، هەوڵ بدە بە کرێ بۆی بهێنەوە، تا هەمیشە لای نەبێت.

١٥ - ئاستی ئەو بەرنامانە بزانە پێش ئەوەی کە سەیری بکەیت.

ئەتوانرێت تەلەفزیۆن بە دیوە باشەکەیدا بەکاربهێنرێت، ئەگەر بەخێوکەر و سەرپەرشتی منداڵ هاوکاری منداڵ بکات بە بەرنامەڕێژی سەیری تەلەفزیۆن بکات، ئەم سودانەی ئەبێت:

١ - منداڵ بە سەیرکردنی تەلەفزیۆن بە شێوەیەکی دروست زووتر فێری قسەکردن ئەبێت و باشتر ئاشنا ئەبێت بە بەکارهێنانی پیتەکان.

٢ -منداڵ ئاشنا ئەبێت بەو شتانەی کە لە دەوروبەری هەن، ئەتوانی لە قوتابخانە سودی لێ ببینیت وەك دەریا و دارستانەکان.

٣ - ئەتوانرێت بەهۆی تەلەفزیۆنەوە ئاگاداری دواین پێشکەوتنەکانی دنیا ببێت.

هەناسەیەك بۆ کاهەرانی

(عەبدوڵڵای ئەحمەد) ئامادەی دەکات

ـ بە زووبی دادەری بۆ کەس مەکەن

خەلیفەی پێنجەم و ئەمیری ئیمانداران عومەری کوڕی عەبدولعەزیز (ڕەزای خوای لێ بێ) بە قازییەکانی دەگوت:ئەگەر یەکێ لە شەرکەرەکان هاتنە لات و بینیت چاوێکی دەرهێنراوە، بە زووبی بڕیاری بۆ مەدە، بووەستە تا شەرکەرەکەی تریش دێ، مەبادا ئەویان هەردوو چاوی دەرهێنرابێ!!

ـ ئامۆژگارییەکی بەسوود

یەکێك لە حەکیمەکان ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکات و پێی دەڵێت: کوڕی خۆم! ئەگەر لەگەڵ زانایاندا دانیشتی،باسوور بە لەسەر ئەوەی زیاتر ببیسی، نەك سوور بی لەسەر ئەوەی زیاتر بڵێیت!! بۆ ئەوەش خۆت فێری باشترین شێوەی گوێگرتن بکە، هەرگیز قسەیەك مەبڕە بەر لەوەی تەواو بێت.

ـ بێدەنگ دەبم و سەلامەت دەبم لە گوناه

ئەعرابییەك هەبوو، زۆربەی جارەکان دەهاتە مەجلیسی ئیمامی شەعبی و لەلای ئەو دادەنیشت، بەڵام هەمیشە هەر گوێگر بوو و هەرگیز قسەیەکی نەدەکرد، ڕۆژێکیان شەعبی ویستی گوێی لێ بگرێ، پێی گوت: ئەرێ تۆ قسەیەك ناکەی؟!

ئەعرابییەکە وەڵامی دایەوە: بێدەنگ دەبم و سەلامەت دەبم لە گوناه.. گوێش دەگرم، فێر دەبم لە شتی چاك، چونکە بەشی ئادەمیزاد لە گوێیدا بۆ خۆیەتی، بەڵام لە زمانیدا بۆ خەڵکی ترە!! (سامر حشیمە، تسلیە الجالسین من قصص الصالحین، ص ٣٤)

ـ ئێوە بە گۆشتخواردن دەستتان پێکرد

جارێکیان ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم هەندێ کەس دەعوەت دەکا، کاتێك لەسەر سفرە دادەنیشن نان بخۆن، دەست دەکەن بە غەیبەتکردن، ئەویش بە هێمنییەوە پێیان دەڵێت: خەڵکانی پێش ئێمە، سەرەتا نانیان دەخوارد، ئینجا دەمیان بۆ گۆشت دەبرد، کەچی ئێوە لە سەرەتاوە بەر لە نانخواردن، بە گۆشتخواردن دەستتان پێکرد (ئەمە کینایە بوو، واتە: غەیبەتتان کرد). (سامر حشیمە، تسلیە الجالسین من قصص الصالحین، ص ٣٥)

ـ بە دوو شت بووبە حەکیم

عەمری کوڕی قەیسی مەلائی دەگێڕێتەوە: پیاوێك بەلای لوقمانی حەکیمدا تێپەڕی، بینی بووەتە حەکیمێکی بەناوبانگ و خەڵکێکی لەدەور کۆبۆتەوە، پیاوەکە لە لوقمان هاتە پێش و لێی پرسی: تۆ کۆیلەی فلانە کەس نەبووی؟

لوقمان وەڵامی دایەوە: بەڵێ ئەو بووم.

کابرا لێی پرسییەوە: ئەوە بووی کە لەلای چیایەکی ئاوەها و ئاوەها مەڕت بۆ دەلەوەڕاند؟

لوقمان گوتی: بەڵێ ئەوەم بۆ دەکرد.

کابرا لێی پرسی: ئەدی بەچی بوویتە ئەو حەکیمە؟!

لوقمان وەڵامی دایەوە: بە دوو شت.. یەکەمیان: هەمیشە ڕاستگۆ بووم. دووەمیشیان: هەرگیز خۆم لە شتێك هەڵنەقورتاندووە، کە پەیوەندی بە منەوە نەبووبێ. (سامر حشیمە، تسلیە الجالسین من قصص الصالحین، ص ٣٥)

ـ بزانە دەچیتە لای کێ؟

ئیمامی ئەبو حەنیفە (ڕەحمەتی خوای لێ بێ)، کە شەوان هەڵدەستایەوە بچێتە مزگەوت بۆ شەونوێژ، جوان جوان خۆی پاك دەکردەوە، باشترین جلەکانی خۆی لەبەر دەکرد، بۆنی خۆشی لە خۆی دەدا، ئینجا بەرەو مزگەوت دەهات،دەیگوت: ئاخر پیاو ئەگەر بچێتە لای کەسێکی دونیایی خۆی جوان دەکات، ئەدی ئەگەر بچێتە لای خوا، چۆن دەبێ باشتر خۆی ڕێك نەخات؟!

ـ ئەم ڕوخسارە ڕوخساری درۆزنان نییە!

ئەعرابییەك هاتە لای پێغەمبەر (درودو سلاوی خوای لەسەر)، بۆ ئەوەی لە هەقیقەتی ئەو پێغەمبەرە تێبگات، ئایا ئەوە تا بڕوای پێ بێنێ، یان چی؟! دیارە داینابوو، کە دێتە لای زۆری پرسیار لێ دەکات و زۆری تاقی دەکاتەوە، تا دەگاتە ئەنجامێك؟! کەچی هەرکە گەیشتە لای پێغەمبەر (درودو سلاوی خوای لەسەر)، کەمێ تەماشای ڕوخساری پاکی کرد و یەکسەر ئیمانی هێنا!! ئەعرابییەکانی تر سەیریان پێ هات، پێیان گوت: تۆ چۆن وەها زوو بڕوات هێنا؟! ئەعرابییەکە وەڵامی دایەوە: وەڵڵاهی کە تەماشام کرد، بینیم ئەو ڕوخسارە ڕوخساری درۆزنان نییە، بۆیە بڕوام پێکرد و یەکسەر ئیمان پێ هێنا.

ـ ژنێکی خوداناس

پیاوێکی خواناس لە کاتێکی درەنگی شەودا لە خەو هەڵسا، تەماشای کرد، ئەوا ژنەکەی بە چاوی بەفرمێسك و بە خشوعێکی زۆرەوە شەونوێژ دەکات، دەگری و بە کوڵ لە خوا دەپاڕێتەوە، ئەویش سەیری پێ هات؟! لێی پرسی: چییە ئەوە بەو درەنگانەش ناخەوی؟! ژنە بە نەرمییەوە وەڵامی دایەوە: جا یەکێك بزانێ خۆشەویستەکەی ناخەوێ، خۆی چۆن دەخەوێ؟!